

# باوکی تورکمان بوو!

**ئەدیب نادر**
**(بریتانیا)**

وەختێ لە گۆڕستانەکەی شێخ محێدین دوورکەوتینەوە، شەو بە فڵچە بێپایانەکەی هەموو شتێکی لە ڕەشایی وەردابوو. هەستم کرد کوڕەکەی گەوهەر خوا خوایەتی بڵێم سبەینێ دەڕۆمەوە، بەڵام.. پرسەکە تەواو نەبێ، چۆن دەشێ پایدۆز بکەم؟ بەهەرحاڵ، هیچم بەو نەوت، وەلێ بەرنامەیەک خۆبەخۆ لە هزرمدا ڕسکا و وتم دوای پرسەکە چەند ڕۆژێک بە جێ پێی یادگارییەکانی ئەو ڕۆژە دوورانەدا هەنگاو دەنێمەوە، بەڵکوو ئەو چڵک و چەپەڵییە بەرجەستەیەی ئێستا بەرچاو لێڵ دەکات دابماڵن، کەچی هەیهوو هەیهوو، چونکە ئەو کۆڵانانەی تێپەڕە تێپەڕە بەناویاندا گەورە بووبووم هێشتا سەدا و خشە خشی ئەو چاڕڵستۆنە شۆڕە هەر لێیان نەتەکابووەوە و قەدی هەندێ لە یۆکالیپتۆسەکانی باخچەکەی ئووم ڕەبیعەینیش نووسینەکانی ئەویان هەر لەسەر مابووەوە، سەرباری کاڵبوونەوەی پیتەکانیشی، یادوەرییەکانمی گسک دەدا و دەستەواژەی باوکی (...) تورکمانە! لێ نەدەگەڕا سەرلەنوێ ڕوخساری شتەکان لەو ئاوێنانەدا ببینم کە قۆناغێکی ژیانم تێیاندا ڕسکابوون.

هەفتەیەک پاش پرسەکە، لە ئەحمەد ئاغا، ڕەمەزان گورگەچاڵیم بینی، لەوێ کورسی و مێزێکی بچکۆلەی دانابوو مامەڵە و گۆڕینەوەی دراوی دەکرد و پاش دەمودوو و سەرەخۆشیی، نازانم چۆن هەواڵی چاڕڵستۆن لەبەرم پرسی.. «ئۆۆۆۆۆ.. ئێستا لە فلانە شارە و دەڵێ من منم تۆ کێی!» ئەم ڕستەیە ساڵانێکی زۆر منی گێڕایە دواوە و کردمییەوە بە کوڕە نادیارەکەی ئەو ڕۆژگارە. ئەو ڕۆژگارەی هیچ قسەی لەگەڵمدا نەدەکرد، ئەوەش قەیناکات، بەڵام فیتی کوڕانی گەڕەکەکەمان بدات و وایان لێ بکات لە من بتەکێنەوە، تەنیا لەبەر ئەوەی باوکم زمانێکی تریشی دەزانی، شتێکی سەیروسەمەرەیە! لە سایەی ئەوەوە ئێمەش، من و برا گەورەکەم فێری زمانەکە بووبووین، کەچی لەگەڵ ئەودا

هیچ پێی نەدەدواین، چونکە هەرگیز بەسەرماندا نەیدەسەپاند، زۆرجار لەبەر خۆمەوە گلەییم لە حاجی دەکرد، حاجی، حاجی قادر... دەموت ئەگەر زیندووت بکەینەوە و پێت بڵێین ئێمە گریمان زمانەکەی باوکمان کرد بە قوربانی زمانی دایکمان، ئاخۆ ئەو دێڕە شیعرەت هەروەکوو خۆی دەهێڵیتەوە، یان لێی پاشگەز دەبیتەوە؟

بەڵێ ئەو، ئەو کوڕەی نەدەبینی، لەگەڵ نادیارێکیش چۆن قسە دەکرێت؟ بەردەوام بە کۆڵانەکاندا دەگەڕا، یەک، یان دوو کتێبی قەبەی بە دەستەوە دەگرت، پانتۆڵێکی چارلستۆنی ڕەشی نیوداشت و قەمیسێکی یەخە درێژی دێزی دەپۆشی کە بەبێ هیچ گومانێک دوو کەسی تێدەچوون، دەرەلینگی (دەلینگی) پانتۆڵەکەی جارجار سەرەنگرێی پێ دەکرد و نەعلەکانی تۆزیان بڵاو دەکردەوە و تابڵێی بە پەلە دەڕۆیشت، وەک ئەوەی بەتەمای گۆڕینی دنیا بێت، کەچی خولیای بە باوکە بێوەیەکەی منەوە گرتبوو. هەڵبەتە لەدەوروبەری ئێمە و لەو گەڕەکەماندا سیخوڕ، چەکداری دەوڵەت و ڕاپۆرتنووسی هاوخوێنی «پاکی!!» خۆی زۆربوون و نازانم بۆ ئەوان بە لاقەبرغەی قورسیانەوە نادیاربوون، کەچی باوکم هەر تەنیا بە هەڵگرتنی فلچەی بۆیە بۆ ئەو بەرجەستەبوو؟ سەردەمی هەرزەکاریم بوو، دەزانم گەنج لەو تەمەنەدا هەردەم حەزی لە خۆنواندنە، هەندێک بە بۆرکردنی سمێڵ، لێخوڕینی پاسکیل، خوێندنەوەی کتێب، سەرەتاتکێ لەگەڵ کچە جیران و کۆتربازی و شتی تریش پۆز لێ دەدەن، بەڵام من، هەر لە یەکی ناوەندییەوە خوێندنەوە بوو بە موگناتیسێکی زەبەلاح و دەرزیئاسا بەرەو خۆی کێشی کردم و بە خۆیەوەی چەسپاندم. لێ شەرمم بەخۆ بوو ڕاستەوخۆ دەربکەوم، یان بۆ خۆنواندن بە کۆڵانەکاندا کتێب بگرمە دەست، زۆرجاریش کە دەمکڕی دەمشاردەوە، گوێیشم بەوە نەدەدا چۆن دەبینرێم، بەڵکوو خەمی گەورەم ئەوەبوو چ شتێکی خەوشاویم هەیە، پێویستە ببینم و چارەی بکەم، تا چاو نزیکتر لە کەماڵەوە سەرنجم بدات.

هەڵدەکشاین، هێدی هێدی، ئاخر کەس لە خاڵێکی دیاریکراودا چەق نابەستێت، کەسانێکی وەک منیش دیارە پەکیان ناکەوێت و دەتوانن بەبێ هاوڕێی زۆریش ڕۆژەکانیان ببوێرن، بەتایبەتی وەختێ کتێب ببێت بە دنیایەکی بەهادار و هاماجێک جێگەی منگەلێکی بێشوماریان تێدا ببێتەوە، منیش واقیعی گەڕەکەکە ئەفەرۆزیان کردبووم و لە دەرەوەی بازنەکەیدا بووم، هیچ بەلامەوە گرنگ نەبوو، چونکە شوێنێکی لە مەودای گەڕەکەکەمان بێ پایانترم دۆزیبووەوە و قەتیش ئەو شوێنە سنووری لەخۆ نەدەگرت، بۆیە ئەوەی ئەو لە کەتوارەکەدا بەرانبەرم کردی و هانی کوڕانی تری گەڕەکەکەشی دا، جاروبار بەرانبەرم بیکەن، هەرگیز وەک هەراسانییەکی دەروونی کاریگەرییەکی قووڵیان نەکردە سەرم، ناوبەناو بەردێک بەر سەرم دەکەوت، قۆچەقانی دەکەوتنە کار و سێرەیان لە کۆترەکانی براکەم دەگرت و لەسەر گوێسەبانەکەمانەوە تەپ بەریاندەدانە خوارەوە، تەنانەت دارهەناری حەوشەکەی دەرەوەشمان لەو نەرێنییە درێژەیان دەرباز نەبووبوو، لق و چڵەکانی، هەر ئەوەندە بکشانایە و لە محاجەرەکەوە نەختێک پەلیان بهاویشتایەتە دەرەوە، ئەوە بێ چەندوچۆن لێ دەکرانەوە، ئەو فەریکە هەنارانەی تفتوتاڵیشن و بەر لەوەی هێندەی شەکرەسێوێکیان لێ بێت دەڕنران و بە جێ گازێکەوە لەسەر شۆستەکە ژەنگئاماڵ و چرچ هەڵدەگەڕان.

دایکم چەند کەڕەتێک بۆ من و خوشک و براکەم کەینوبەینی شووکردنەکەی خۆی گێڕابووەوە، هەمیشەش قاقا پێدەکەنی، وەک بڵێی دیمەنێکی عەجایەبی بیر کەوتبێتەوە. جارێکیان گوتی حەمەڕەشیدی مامتان لەگەڵ کاکەڕەشی خاڵتاندا هاوڕێ و هاوپیشە بوو، لەنێوانی خۆیاندا قسەیەکیان سەبارەت بە شاییەکەی ئێمە کردبوو، باوکیشتان دیارە لە ژنی یەکەمی جودا

بووبووەوە و بەدوای ژندا دەگەڕا، بەبێ ئەوەی خاڵتان پێم بڵێت، عەسرانێک منی برد بۆ بازاڕ، ئەوسا وەک ئێستە نەبوو، پێچە و عەباو تومەز وا ڕێکیان خستبوو لە شوێنێک بوەستێ و منیش لەگەڵ خاڵتان بەوێدا تێبپەڕم و لەژێر پێچەوە چاوم پێی بکەوێت و ئیتر.. وەک دەڵێن قەڵەمی لێ درا و ئێوە ئاوەدانیتان بە ژێر ئەم سەقفە بەخشی. کە دەشمان وت هەندێ خەڵک دەڵێن تورکمانە، لە وەڵامدا دەیوت من قەت نەمبیستووە بڵێ تورکمانم، هەردەم گوتوویەتی «لە کۆڵانێکی تەنگەبەری حەمام عەلی لەدایکبوومە کە هەندێ ماڵە تورکمان تێیدا هاوماڵمان بوون، ئیشتە وەختی منداڵیم لەناو منداڵەکانی ئەواندا بەسەربردووە، پاشان فێربوون چ خراپییەکی هەیە، ئەی پێغەمبەر قیمەتی بە فێربوون نەبەخشیوە، نەیوتووە تەنانەت لەبنی دنیاش بێ بەدوایدا بڕۆن؟ دوایی بەعزێ کەس کە منیش قلێکم لەوانە قسەکردنیان ئاوهایە، قەیدی چییە؟»

هێشتا هەراش نەبووبووم، ڕێککەوتنەکەی ئازار تازە بڵاو کرابووەوە، ئەویش تابڵێی بەو ڕێکەوتنە دڵشاد بوو، لەسەر پیادەڕەوەکە لەگەڵ عەریف ڕەشید و تایەر هەمەوەندی و حاجی عەلی قوتانی و مامۆستا حەسەنی بەڕێوبەری قوتابخانەکەی ئەودیو سکەکە ڕاوەستابوو، دەمەتەقێیان دەکرد، من لەلای دەرگەکەوە دانیشتبووم، دەیویست دڵخۆشیی خۆی دەربڕێت، وەلێ باوکی ناسر، کە یەکێک بوو لەو کوڕانەی هەردەم بێ هۆ ئەزیەتی دەدام و بەردی تێدەگرتم و دووجێ شکانی ئێستاش هەر لەسەرمدا ماونەتەوە، تەریقی کردەوە و پێی گوت: تۆ کەی توانیت واز لەو زمانە جوولەکەیە بێنیت، ئەوجا دەم لەم شتانەوە بژەنە، زۆری پێ گران بوو، وەک شەیتانۆکەیەک پاشەکشەی کردەوە ناو قەپێڵکەکەی خۆی و... لە ژیانمدا هیچ شتێک ئەوەندەی ئەو بەخۆداشکانەوەیەی دڵتەنگی نەکردووم و قەتیش لەیادم ناچێتەوە، هەست دەکەم من هەمیشە بەردەوامیی ئەوم، واتە لە ئەزموونێکی تفتوتاڵ هاوبەشین و هێشتاش ئەو ڕەفتارانە کۆتاییان نەهاتووە و لەبری ئەو ڕووبەڕووی من دەبنەوە، چی بڵێم، هیچ شتێک نەبوو بە شەفاعەت بۆم! هەر لەو سەروبەندەی هەرزەکاریدا، وشەم بە هەست و هۆشی خۆم بارگاوی دەکرد و کاغەزم پێ ئاوەدان دەکردەوە و بۆ گۆڤار و ڕۆژنامەم دەنارد، چەند جارێک نیوەچڵ و چەند جارێکیش بەتەواوی بڵاوکرانەوە، ئای لەو خۆشحاڵییەی دنەی خۆنواندنی دام و وای لێ کردم پێموابێ نووسین دەبێتە ناسنامەی ڕاستەقینەی من و بە ئامان و زەمان لێم کاڵ نابێتەوە، بەڵام زۆری نەبرد و خەیاڵێکی خاو دەرچوو، خولیاکە لەوەدا نەبوو بەئاسانی کۆڵم پێ بدات.

دوای مایەپووچبوونی ڕێکەوتنەکەی ئازار و شکستە گەورەکە، لەم لاو لەو لا بیستبووم بزووتنەوەیەکی ژێر زەمینیی کەوتووەتە جموجووڵ و چالاکی، وامزانی ئەگەر پێوەندی پێوە بکەم دوا قۆناغە و دەبێتە شەفاعەتێکی ڕاستەقینە و ئەم زمانە بەیەکجاری دەکاتە ماڵی هەتاهەتایی من، منێک، سەرباری زانینی زمانی تریش، لە دەرەوەیدا هەست بەوە دەکەم لە دەرەوەی دنیادام و غەوارەم، ئەگەر لە ناویشیدا نەبم وەک ئەوە وایە لە دۆزەخدا بم.. ئەمەش بێگومان بۆ ئەوە دەگەڕایەوە هیچ ئاراستەیەکی سەرئاسای دیکەم لەبەرچاو نەگرتبوو، یان کورتبین بووم، ئیدی دەمویست ئاوا جەخت لە بوونی خۆم بکەمەوە، بێزراوی وشەیەک بوو، حەزم نەدەکرد ببێتە پێوەر بۆ بوونی من، بۆیە هەرکە خوێندنم لە پایتەخت تەواو کرد، بارگەی خۆمم پێچایەوە و دامە شاخ. ئەو چەند ساڵەی ئەوێش هیچ لە ڕۆژە کۆنەکان خۆشتر نەبوون، شتی زۆرم بینی، هەمووی بەلایەک و ئەوەیش بەلایەک کە نازناوی سێ مەوجیان لێ نابووم، بەڵام چیدی دڵم بە خۆم نەدەسووتا، چونکە من

تەنیا کەسێک نەبووم هەڵگری ئەو هەستە بم، من خوێنەکەم، گریمان دوورەگ بوو، بەڵام زۆر لەوانەی خوێنەکەیان بێگەرد بوو، بەو ڕەفتارانەی بەرانبەریان دەکرا، لە من غەوارەتر دەردەکەوتن.

چەند ساڵێک تێپەڕی، هەواڵم پێگەیشت، ئەو خوێن بێگەردە چاڕلستۆن شۆڕە، بۆ ئەوەی نەنێردرێت بۆ بەرەکانی جەنگ، ئاخر ئەو کاتە جەنگێکی دڕندەی بێئامان بەرپابووبوو، ناسنامەکەی ڕادەستی چەکدارێکی قالە کورتەک کردبوو، کونێکیان تێدا کردبووەوە، ئەمەش وەک واژۆی ئەوە وابوو بووبێتە پیاوێکی سووکی دەوڵەت، من لەبەر ئەوەی هەستم کرد شاخیش چیدی پشتوپەنایەکی قایم نییە، بۆیە پشتم تێکرد، بەڵام بەر لەوەی سنوور ببوێرم، قەدەرێک لە دێیەکی نزیکدا مامەوە، لەوێ چاوم بە عوسمانی هاوپۆلی ئامادەییم کەوت، هەرکە بینیمی یەکەوڕاست خەبەری گیرانی باوکمی پێڕاگەیاندم، تەنیا کەوتمە کەڵکەڵەی ئەوەی داخۆ ئەو هۆکاری گرتنەکەیەتی، یان ئیتر تا سنوورم بەدوای خۆدا بەجێ هێشت بە دیدەی تەڕەوە داوای لێبوردنم لە باوکم دەکرد. کاتێکی زۆر تێپەڕی، تەنیا خوشکەکەم لەژیاندا مایەوە، جارجار هەواڵیم دەزانی و چارەکە سەدەیەک کەوتە بەینی من و ئەو سەرگوزەشتانەوە، دەنگ و ڕەنگ و شێوە و دەمامک و بەکورتی شتگەلێکی زۆر گۆڕانیان بەسەردا هاتبوو، بەڕاستی نەمدەویست بێمەوە، بەڵام گەوهەری خوشکم نەخۆش بوو، ڕاستییەکەی لە سەرەمەرگدا بوو! ئەوەندەشی نەبرد گیانی سپارد و لەناو پیکابێکی جێم سی دارەمەیتەکەیمان دانا و چەند کەسێک لەگەڵمان سەرکەوتن و بەرەو گۆڕستانی شێخ محێدین بەڕێ کەوتین، ئەوانەی لەگەڵ مندا سەرکەوتن منیان نەدەناسی، پیاوێکی ئیختیار، هەر لە تەمەنی باوکمدا بوو، ئەگەر تا ئێستا بمابایە، بەوەی تەنیشتی خۆی گوت، ئەمە کچی کێیە مردووە؟ ئەویش وتی چیت وت مام ڕەشید؟ دەڵێم ئەمە کچی کێیە مردووە؟ مام ڕەشید! ئەو.. ئا.. مامی ئەو بوو، ئێستا کەوتەوە بیرم.. مام ڕەشید ئەمە کچەکەی مام حەمەدەمینی ڕەحمەتییە.. کام حەمەدەمین، ئەوەی لە شەریکە بوو؟ ئەو وەڵامەی بەسەر ڕاوەشاندن نواندی، ئەو نەیبینی! لێ تا گەیشتینە قەبرستانەکە و تەرمەکەمان ناشت، هەر باسی باوکمی بۆ ئەوانەی دەوروبەری دەکرد و نووری بۆ گۆڕەکەی دەنارد، بەڵام وەک بڵێی تەنیا بۆ من باسی ئەو شتانە بکات، ئەو شتانەی ئەگەر من لەوێ نەبوومایە هەرگیز نەمدەزانی حاجی حەمەدەمین ئەو لایەنە جوامێرانەشی هەبووە! هەر لەناو پیکابەکە دڵم پڕبووبوو، چاوەکانم سەخاوەتمەندانە فرمێسکیان شاباش دەکرد و خۆشبەختانە کەسیش نەیدەبینی، چونکە مانگی شوبات بوو، زوو تاریک داهاتبوو.

ئیتر هەر ئەوەندە مامەوە هەندێک ئەو شوێنانە بگەڕێم کە سەرچاوەی یادەوەرییەکانن، بەڵام هیچم بە هیچ نەکرد و نەشمتوانی لەگەڵ کوڕەکەی گەوهەردا پردێک ڕایەڵ بکەم، بەداخەوە گۆڕانکارییەکان ئاراستەیەکی ئەوتۆیان گرتبووەبەر دنیایان سەیر بێتام کردبوو، بێتامییەکەشی دادپەروەرانە بوو، وەک بڵێی بە هەمان ڕێژە بەسەر هەمووانـدا چکێنرابێت، بۆیە هیچی دی چاوم بەرایی نەدا بمێنمەوە و گەڕامەوە باوەشی یۆتۆپیاکەی خۆم. ئاخر ئەوێ تانوپۆیەک بوو سەنگێکی پێدابووم، حەددیشم نییە بڵێم سەنگێکی ڕاستەقینە بوو، چونکە هەرگیز لای من جێگەی زمانی نەگرتبووەوە و هەمیشە هەستم بەوە دەکرد لە ماڵەکەی خۆمدا نیم و هیچ شتێک نییە پێم نامۆ نەبێت، هەر تەنیا شوێنێک بوو هەنگاوە بێزراوەکانی ئێرەی منی بۆ خۆی پەلکێش دەکرد و هیچیش نەیدەپرسی کوڕی کێیت و باوکت چییە.

**مایسی ٢٠٢٦ لەندەن**